# جەژنانەی کۆماری تورکیا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

لە دوای برانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان و پاش ڕێکەوتنامەی مۆدرس کێشەی باشوری کوردستان کە بە کێشەی موسڵ ناوزەدکرا یەکێك بوو لە کێشە گەرمو گوڕەکانی سەرمێزی دانوسان و ڕێکەوتنامەکانی نێوان وڵاتانی جیهان ، و لە 21ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1925 کێشەی ویلایەتی موسڵ لە کۆمەڵەی گەلان بێویست و خواستی مەنەوەی کورد چارەسەر کرا و لە 1926/6/5ئێراق و تورکیا ڕێکەوتننامەیان واژۆ کرد لەسەر دیاری کردنی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەت بۆیە هەر دەست درێژی و هێرش هێنانێکی ئێستای تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستان زیادەڕەووی و پێشێلکاریە بۆ سەر سەروەریەکانی دەوڵەتی ئێراق و خەڵکی کوردستان .

جەژن وەکو ڕێوڕەسمی ئاینی لەنێو موسڵماناندا بایەخ وگرنگی خۆی هەیە ووڵاتانی ئیسلام لەهاتنی بۆنە و جەژنەکاندا بروسکەی پیرۆزبای ئەو یادەوەریە ئاڵوگوڕ دەکەن و هەریەك لەو وڵاتانە لەسەرەتادا پیرۆزبای لە موسڵمانانی جیهان و گەلی خۆیان دەکەن بە شادی و خۆشی و لێبوردەیەوە ئەو مەراسیمە بە ڕێدەخەن ، قەدەری ئێمەی کورد وایە زۆرجار لەمانگی ڕەمەزاندا دووچاری هەندێك گیرو گرفت و نەهامەتیەکانی ژیان بووینە و بەدەست دەوڵەتە و تولیتاری و ڕەگەز پەرستەکانەوە ڕۆژەکانی خۆشی و کامەرانیمان لێتێکچووە و شایان لێکردووین بەشین بەڵام ئەمجاریان لە جەژندا بەر هەڕەشە و گوڕەشەی توکیا کەوتووین کە بەنیازە سنوری هەرێمی کوردستان بە هەنجەت و بیانوی راونانی پەکەکە ببەزێنێ هەرچەند لەپشت ئەو مەرامەوە نێت و مەبەستی دیکەی هەیە ، ئەم ساڵ لە جەژنی ڕەمەزاندا لەبری گۆڕینەوەی جەژنە پیرۆزە و گەردن ئازادی کۆماری تورکیا بەتۆبباران کردنی ناوچە کوردنشینەکانی سنوری هەردوولا جەژنە پیرۆزەی لە خەڵکی کوردستان کرد هێزە سەربازیەکانی لە (سلوپی و شرناخ و جەزیرە ) مۆڵ داوە و هەڕشەی بەزاندنی سنور و هێرشکاری دەکات ، ئەمەیە ئیسناف و ویژدانی کاربەدەستەکانی تورك کە خۆیان بەئیسلام لەقەڵەم دەدەن چاویان بەرای نادات خۆشی و شادیەکانی کورد ببینن و هەمیشە هەوڵ دەدەن ڕۆژە شادیەکانمان تاڵ بکەن و بیکەنە پرسە و ماتەمینی و ڕەوشی ئارامی و تەناهی کوردستان بشەڵەقێنن ، گەورە بەرپرسانی تورك لەتورکیا ئەمە جاری یەکەمیان نییە کە هەوڵ دەدەن بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و تەقەلایانە دەستکەوتەکانی کورد لەبار بەرن و خەبات و خوینی نەتەوەی کورد بەهەدەر بدەن ، ئەگەر لە مێژووی دروست بوونی دەوڵەتی تورکیاوە تاکو ئەمڕۆ هیچیان بە هیچ نەکردبێت ئەوا ئێستا ئاستەمە شتێك هەڵکرێنن چونکە زەمەن گۆڕاوە تەواوی ڕووداوەکان لە چرکە ساتێك هەموو جیهان دەیزانێ و هەواڵەکان بە خێرایەکی زۆر پەخش دەبن ئیترئەو سەردەمە بەسەرچوو فرمان کەن و ویژدانی مرۆڤایەتی بێئاگا بێت ، زەحمەتە ئیرادەی میللەتێك و نەتەوەیەك پێشێل بکرێت کەس بەرسف نەداتەوە ، ئێمە لە سەردەمی یاسای جەنگڵستان و دارستاندا ناژێین کە ئەوەی بەهێز بێت ئەوانی تر حەپەلوش بکات و بیان پلیشێنێتەوە ، بۆیە هەقە سەردەمیانە و لۆژیکانە بیر بکەنەوە دەستبەرداری ئەو ڕەفتار و هەڵسو کەوتە چەوتە ببن و شێوازی مامەڵە و هەڵسوکەوتیان بگۆڕن واز لە هەڕشە و لەشکر کێشی و زەبری چەك بهێنن ، و زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ بەکار بهێنن ئەگینا وەکو ئێراقی سەردەمی سەدام بەکردنی کویت بە پاریزگای نۆزدە سەری خۆیان و دەسەڵاتەکەیان دەخوات .

ئافەرین پەرلەمانی تورکیا ئەوەندە هۆشمەند نەبن بەشێوەی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی بڕیار بدەن بۆ واڵا کردنی دەست و عەقڵی عەسکەرتاری تاکو هێرش بهێننە سەر کوردستان کە بێئاگان لەوەی ئەمریکا ئێستا هەموو خاکی ئێراق ( هەرێمی کوردستان بەشێکە لە ئێراقی فیدراڵ )دەپارێزیت وە هەڕشەکانتان خودی سەرۆکی ئەمریکا بەدەنگ دەهێنێت ، هانگاونان بۆ ئەنجامدانی کردە سەربازیەکانتان بەرەو سنوری کوردستان چارەنوستان لەو ملیۆن و نیوە سەربازەی ئێراق لە ساڵی 1991کە لە کویت بوون چارە نوسیان خراپ تر دەبێت و دەسەڵاتەکەتان شەقو شڕ تر دەبێت لە دەسەڵاتی ئەفەلەقیەکان ، بۆیە جارێکی دیکە دەڵێم ڕەگەزپەرستی دەمارگیری نەتەوەی لۆژیکتان لەبیر نەباتەوە .